www.kurdistannet.org
1-10-2006 6:49:17بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# تەنها ینک پێویستی بە نوێ بوونەوە نیە



**ئاسۆ بیارەیی- 29-9-2006 سوێد**

## سەرەتای ژیانەوەی کاری ڕێکخراوەیی

بەردەوامی و مانەوەی گروپێک یان ڕێکخراوێک پەیوەستە بە کۆمەڵێک فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکی. گۆڕانکاری ژیانەوەی پارتییەک یان ڕێکخراوێک پرۆسەیەکی پێویستە لە پێناوی مانەوە، پەرەپێدان و چالاکی بۆ گەیشتن بە ئامانج بە ڕێگەیەکی کورت و سارا و بە زیانێکی کەم. فاکتەری ناوخۆیی ئەو ووزە چالاکەیە کە کێشەی نێوان ئەندامەکان لە بیرگەلێکی نەگەتیڤەوە دەکاتە کێشەیەکی پۆزەتیف کە نوێکردنەوە و دروشمی ژیانەوە دەبەخشێت بە خودی ڕێکخراوەکە، کە ئەندام و لایەنگرەکانی هەست بەبوونی خۆیان و وابەستە و پابەندی خۆیان دەکەن بۆ پێشخستنی ئەو ئامانجانەی کە کاری بۆ دەکەن. زانیاری گۆڕینەوە، شێوازی دیالۆگ، ڕاستگۆیی و ڕێزگۆڕینەوە گرنگترین کەناڵن لە نێوان ئەندامەکان و سەرکردە کە دەبنە ژیلەمۆی چالاکیەکان. کەواتە بوونی کەناڵێکی تەندروست و ساغ لە نێوان سەرکردە و کاربەدەستەکانی پێویتسێکی نەگۆڕە.

## دەرهاویشتەکانی پێشبرکێ

دەسەلات بە سەر سامانی ئابوریدا، بەسەر زانیاریدا و کۆمەڵێکی دەسەڵاتی تر، سەرچاوەی دروست بوونی کێشەن لە نێوان بوونەوەرەکانی سەر زەوی. تاکو لایەنەکانی کێبرکێکە زۆربن کێشەکان هەمەلایەنە تر دەبن. ئەگەر لە ناو ئەو لایەنانەی کە کێبرکێ دەکەن سەرکردەیەک نەبێت کە کێشی کێشەکان بەرەو ڕەوتی پۆزیتیف بەرێت و دیالۆگێکی کراوە نە کاتە بنەڕەتی کێشەکان، هەرەسهێنان و دارمانی ئەو لایەنە دوا ئاکام دەبێت. لەبەرئەوەی ژیان هەردەم لە گۆڕانکاریدایە، پێشبرکێ و بیرگەلی جیاواز دەبنە بنەماو نیشانە نوێبوونەوە- بیرگۆڕینەوە، گوێگرتن لە یەکتر، ڕێزگرتن، بەشداری کردنی هەمووان لە پرۆسەی نوێکردنەوە ژیانێکی پڕ ووزە دەبەخشێتە ئایندەی ئەو جۆرە ڕێکخراوانە کە هەمیشە لە نوێ بوونەوەدان.

## ژیانەوە بەرەو پتەو بوونی ڕیزەکان و دۆزینەوەی ووزەی نوێ

یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە لە چەند باڵێکی یەکگرتوو پێکهاتووە، لەم ماوەی دواییەدا ڕووبەڕوی گۆڕانکاری و نوێ بوونەوە دەبێتەوە کە جێگەی سەرنجاندان، هەڵسەنگاندن و نرخاندنە سەرەڕای کەموکوڕیەکان. کێشە و بزوتنەوە جۆراو جۆرەکانی ناو یەکێتی وەکو ڕێکخراوێکی کوردی و ڕێکخراوێکی ناوچە کە خاوەن مێژوویێکە، سەرەتایەکە ، دەروازەیەکە بۆ ڕێکخراو و پارتییەکانی دی باشووری کوردستان بۆ پێکەونانی توانایەکی نوێ، بۆ ژیانەوەیەکی نوێ بەرامبەر ئەو گۆڕانکارییە ناوخۆیی و جیهانیانە کە ڕۆژانە خیرا تێدەپەڕن.
بۆ دوا نەکەوتن لەو گۆڕانکاریانە پێویست دەکات، لە دوی وزەی نوێ و بەپیت، داهێنانی تازە لە ڕیگەی بوار دان بە نەوەیەکی نوێ کە بەرگەی ئەو گۆرانکاریانە دەگرێت بدرێت، چونکە زۆربەی ئەو سەرکردە و کادیرانەی کە لە ناو هێزەکانی باشووری کوردستانن، چ لەڕو ی تەمەنەوە، چ لەڕوی بیر و ئەزمونەوە، کۆنە و

کەڵکی ئەم سەردەمە ناخۆن، تەنها وەکو سەرچاوەیەک دەکرێ کاریان پێبدرێت. لەم گریمانەیەدا، تەنها دوو ڕێگەیان لە بەرە:
بوواردان بە نوێکردنەوە لە ڕێگەی هاندانی نەوەیەکی نوێ کە دەسەڵات بگرێتە دەست یان گۆشەگیرکردنی خۆ و دروستکردنی کێشەی خوێناوی کە دەبێتە مایەی لاوازی و .......

بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتی و بەرەو پێش چوون، گریمانەی یەکەم بەجێیە بۆ دوانەکەوتنی ئەو ڕێکخراوە کە کێشە ناوخۆیی و گیانی نوێ بوونەوە دەخاتە ناو پرۆگرامی خۆی و هەردەم کادیر و سەرکردەی نوێ، بۆ هەموو بارودۆخەکان دروست دەکات. بە نوێ بوونەوەی ژیانێکی پڕ هیوا و بڕوا دەداتە تێکڕای ڕێکخراوەکە و کێشە نەگەتیڤەکان پەراوێز و بنبڕیان دەکات.

گۆشەگیربوون و هەرەسهێنانی ڕێکخراوێک، گریامانە دووەمە، کە لە ناو کێشەگەلێکی قوڵدا دەژیت و لە بەر نەبوونی سەرکردەی بوێر و چالاک، کە خاوەنی تێگەیشتنی زانستی ڕێکخراوەیی نیە، خۆی و ڕێکخراوەکە تووشی نەگۆڕان دوگم دەکات و لە کۆتاییدا دووچاری هەرەس دەبێت و لە ڕێکخراوێکی جەماوەرییەوە دەبێتە ڕێکخراوێکی مردوو بێ سەنگ.

هەستکردنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە پێویستی ئەو نوێ بوونەوەیە و کارکردن بۆی، هەرچەندە درەنگ کەوت، بەڵام سەرەتایەکە بۆ ژیانەوەی ڕێکخراوەکانی تری کوردستان، کە لە زۆر ڕووەوە، ئەگەر بخرێنە تەرازوی هەڵسەنگاندێکی زانستی ڕێکخراوەییەوە، دیار دەبێت کە ئەو لایەن و هێزانە نوێ بوونەوەیان بە خۆیانەوە نە بینیووە و بەڵکو هەندێکیان شێوازی مۆنارکی و بنەماڵەگەرییان کردووەتە ڕێبازێکی تایبەتی کاری ڕێکخراوەیی و پشت و پشت دەسەڵاتەکە دەسپارنە یەکتر. ئەم شێوازەش کاردەکاتە سەر مێژوو و کاریگەری ئەو ڕێکخراوانە لە نێوان جەماوەردا کە ئەگەر خۆیان نوێ نەکەنەوە، بڕواو متمانەی خۆیان دەدۆڕێنن و ڕووبەڕوی ناڕەزایی دەبنەوە، چ لە ناو خودی ڕێکخراوەکانی خۆیان یان لە دەرەوە. هەروەها ناتوانن لە گەڵ گۆڕانکاریە جهیانیەکان دەربچن و بڕیارەکانیان بەو پێیە گەڵاڵە بکەن.

**ئەنجام**

کەواتە نەک تەنها یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پێویستی بەو گۆڕانکاریە هەیە، بەڵکو زۆربەی ڕێکخراو و پارتیەکانی کوردستان، کە زۆربەی سەرکردە و کادیرەکانیان توانایان کەم بووەتەوە و لە مێژە خاوەن دەسەڵاتن، دەبێت خۆیان لەبەر بەرژەوەندی پارتییەکانیان و جەماوەر، بوار و هەل بۆ کادیرانی گەنج بڕەخسێنن ئاستەنگ نەخەنە بەر نوێ بوونەوە. لێ هەرەسهێنان و ناڕەزایی جەماوەر و پیلانی دوژمنانی کورد چاوەروانیان دەکات..